# دوو هێلکە

**نووسە ر : یە ڵماز گۆنە ی**

**وە رگێڕ بۆ کوردی : ڕێناس جاف**

کاتێ برایم ، کرێکاری کارگە ی تە نین و ڕستن ،لە سە ر کارە کە ی گە ڕایە وە ماڵ، ژنە ی برایم ئایشێ دە م بە پێکە نین، وتی : چاوت ڕوون، مژدە ێکم بۆت پێیە، کوڕە کە ت بە شە ڕ هاتووە... چاکیان لێداوە، چاوی تە واو هە ڵماسیوە!...

برایم پڕ خۆشحاڵ بوو و بێ ئە وە ی بیە وێ ئە و خۆشحاڵییە ی بشارێتە وە وتی : لە گە ڵ کێ بە شە ڕ هاتووە ؟

نازانم ... هە ر چیم کرد نە متوانی قسە یێکی لە زار بکێشم، هیچ ناڵێ... بە شکوو تۆ بتوانی.

حە یدە ر تاقە مناڵە کە یان تە مە ن حە وت ساڵان بوو، تازە ئە وساڵ دە یە ویست بچێتە قوتابخانە وە .

برایم هە ستی بە بە ختیاری دە کرد کە چی پە رۆش و نیگە رانیش بوو.

ئایشێ وتی : خۆزی باوکت زیندوو بوایە. ئە زانی چە ندە پێی خۆشحاڵ دە بوو.

برایم هە ندێ چوو بە فیکردا " کوڕە کە ی یە کە مجارە لێیان داوە، وا دیاریشە نایە وێ هیچێ بدرکێنێ!..." ڕۆژی لە دایکبوونی حە یدە ری بیر کە وتە وە.

ژنە کە ی پێی وتبوو : " خە ریکە مناڵە کە پە یا ئە بێ... سە راوم1 تە قی "

بە رە بە یانی زوو بە ڕاکردن چوو بوو بە دوای تایە ن2 و مامان دا، ئای تە مە ن چ زوو تێدە پە ڕێ... هە ر ئێژی دوێنێ بوو پێیان وت ..." برایم، چاوت ڕوون، بووی بە ساحێوی کوڕ"

مناڵێکی دە م و چاو باریکە ڵە بە چاوی نووقاوە وە...

باوکی ئە و ڕۆژە لە حاڵێکدا لە خۆشیاندا دە گریا، بە دە نگێکی لە رزۆک و چاوی فرمێسکاوییە وە وتبووی : " بۆ خۆشم وە ختێ پە یا بووم ، سە ر و بیچمم هە روا بوو"

دوای چە ن ساتێ بە دە م بزە یێکی تاڵە وە وتبووی : " کە سێ مناڵی نە بێ کوا ئە زانێ خۆشە ویستی مناڵ یانێ چی "

ئێستێ به تاسه بوو باوکی زیندوو بوایه.
حه یده ر ژێری چاوی ته واو که وه(شین ) هه ڵگه ڕا بوو و گه ره کی بوو باوکی پێی نه زانێ.
که چی باوک پرسی : کوڕم چ بووه!...؟
کوڕه وتی : هیچ نییه باوه!
ئاخر کوڕم خۆ چاو له خۆڕا نائاوسێ3.
حه یده ر بێ ئه وه ی وه رامێ بداته وه ، چاوی بڕیبووه باوکی و ته واشای ئه کرد.
ده گه ڵ کێ به شه ڕ هاتووی؟
حه یده ر دیسان هیچ وه رامی نه دایه وه ، باوکی وتی : چاو کوڕم!... لا چاوت ته واو که وه 4 هه ڵگه ڕاوه ، ده م و چاویشت ڕووکاوه ، ئه ی قه ولت پێنه دام درۆم له گه ڵ نه که ی ؟
باوک کوڕه ی له ئامێز گرت و کردی به باوه شه وه و ئه نجا له سه ر زه نگۆڵی5 داینا و به سۆزه وه پێی وت : ده ئاده ی پێشه ی6 باوکت بهاڕه، خێراکه ده ی ...
مناڵ که وه ددانه کیڕه که وتبوو، توندێ خۆی نووساند به سینگی باوکییه وه و باوکه ش به و په ڕی خۆشه ویستییه وه باوه شی کرد به کوڕه یدا.
ده ی ، وا دیاره ئه وه ی کوتاویه به نێو چاوت دا، له خۆتیش گه وره تره... ناته وێ بێژی کێ وای لێکردووی؟...
مناڵ که ئه شک له چاوانیا ئه ڵقه ی به ستبوو وتی : بۆ خۆم ئه زانم چی لێ بکه م.
کێ کوڕم ؟
ئه لی ڕه زا...
ده ی بێژه ئه و کێشاویه به چاوتا.
... ئه رێ ئه و بوو...
ئه لی ڕه زا کوڕی سمایل بوو که پێکه وه له کارگه یێک دا کاریان ئه کرد.
ئه لی ڕه زا و حه یده ر پێکه وه ناونووسییان کرد بوو و به یه کیشه وه چووبوونه قوتابخانه.
برایم که وته وه بیری باوکی ئه لی ڕه زا، کرێکارێکی داماو که دایمه ئازای7 ئه نامی بۆنی جگه ره ی لێوه ده هات، که وته وه بیری ڕۆژانی مناڵی و ئه و ساڵانه ی پێکه وه ببوون، پاشان چاوێکی له کوڕه ی کرد که هه ستێکی خه ماوی ده وره ی دابوو.
مندالَ وتی : باوه، ئه تۆش لێی ده ، ئه و وای کردووه به چاوم، ئه تۆش حه قی منی لێ بکه وه .

باوک گوپی  له گپی  کوڕه ی  خشاند و  کردی  به باوه شه وه و له سه ر قه ره ویڵه8 و چرپا دارینه که داینا و  وتی : کوڕم ! ئێستێ  جوان  گوێم  بۆ شل که: " ڕۆژێ  له ڕۆژان  منیش  مناڵ بووم ، مناڵێ  پێنج شه ش  ساڵان ئه و ده مانه  له لادێ ده ژیاین، ڕۆژێ  خه ریک بووم ده گه ڵ مناڵان هه لووکێنم  ده کرد که له پڕێک  له گه ڵ یه کیان به شه ڕ هاتم. له بیرم نه ماوه  له سه ری چی بوو.   به ڵا م  ئه مه م  چاک  له بیره  ئه و چڵه  هه ڵووژه یێکی  به ده سه وه بوو و کوتای  به سه رمدا و خوێن له سه رمه وه  فیشقه ی9 به ست که چی ئه و بۆی ده ر چوو. منیش به  نووزه  نووز و چاو به گریان ، گه ڕامه وه ماڵ.  ئه زانی  گه  ره کم بوو  چ  بکه م . ده مه ویست   به لای  باوکمه وه  شکاتی  بکه م . پێم خۆش بوو  باوکم   ده ستێکی  لێ بدا.  کاتێ باوکم  سه ری  شکاوی منی  بینی  ، لێم نێزیک که وته وه  و  ته واشای  سه رمی  کرد و وتی : " هیچ نییه ، هه رکێ لێی داوه  سووک  لێی داوه "
کاتێ   دایکم به ته متوور10  خوێنه که ی پاک ئه کرده وه و چاوی ئه نایه  سه ر جێ  زامه که ، هه موو  به سه رهاته که م بۆ  گێڕایه وه ،   ته نانه ت بۆ خۆم برێکم خسته سه ر،  هه م ئه گریام  و هه میش  ته واوی  به سه رهاته که م بۆ  ده گێڕایه وه .
باوکم نێو چاوانی  تێک نا و  وتی :  " چلۆن ویراویه11  له کوڕی من بدات، شه رت بێ  هه ر ئێسته بچم و ده ردێکی بده مێ  ده رمانی  نه بێ"
ئه نجا ڕووی  له دایکم کرد و   وتی :  " ئافره ت!... ئه تۆ چرا عه لایه دینه12 که داگیرسێنه ، تاوه که ی  له ر دانێ،  منیش هه ر ئێستێ ده گه ڕێمه وه "
ئه وه ی وت  و  له  ماڵ  وه ده ر که وت،  دایکم وازی له من هێنا و چوو  چراکه ی  داگیرساند.
ئه و سه رده مه ئاوایی  گاز و  ئه م جۆره شتانه ی تێدا نه بوو .  له به ر که له وه ری ماڵان ئارگێکیان 13 دروس ده کرد  منیش  به لای  خۆمه وه  وام  ئه زانی : " ئێسته باوکم  قه ڵس  و تووڕه  به شوێن  کوڕه  دا  ده گه ڕێ.  هه رکه  ده ستی بیگاتێ  ،  تێر لێی ده دا ، ڕه نگه سه ریشی  بشکێنێ، دوای ئه وه ی  باوکم تێر و پڕ  لێی  دا و سه ری شکاند، دایکیشم  ده ستی ئه نێته سه ر  تاوه که و داخی ئه کا"
دروس  هه ر  له و ده مانه دا  ده نگی  کوڕه م  به ر گوێ  که وت  که سه رمی  شکاند بوو:  " ده ی! ده بێ  ئێسته  باوکم ده ستێکی  چاکی  لێ بدات"
به خۆشحاڵییه وه  چوومه  به ر  که له وه ری ماڵ  دیتم  باوکم  به و سێره و ته مه نه ی  که وتۆته دووی کوڕه  و  به  هه ناسه بڕکێ ئه ڵێ : " ڕا  مه که، ڕا مه  که  لێت  ناده م "

کوڕه هه ر وا هه ڕای ده کرد و باوکیشم به دوایدا. ئاخرییه که ی گرتی . وتم : " ئیدی ئێستێ وه ختێتی لێی بدات"
به ڵام دیتم باوکم ماچی ئه کا ، سه رم ته واو سوڕ ما، چاوم له دایکم کرد و وتم : " ئه وه باوکم بۆ وای لێ هاتووه ؟ "
دایکم هیچی نه گوت به ڵام خه نی و دڵگه ش ، نه رمه ئاوازێکی له سه ر زار بوو. تاوه که ی نایه سه ر چرا عه لایه دینه که و تۆزێ ڕۆنی تێکرد. به لای خۆمه وه وتم : " باشه گه ر دایکم گه ره کیه ده ستی کوڕه بچزێنێ و داخی بکات ئه ی بۆچی ئاوازی له سه ر زاره، وتم ڕه نگه له به ر ئه وه ی بێ کوڕه بۆی ده ر نه چێ، ئه رێ هه ر وایه ! باوکم ماچی ئه کا و دایکیشم گۆرانی ئه ڵێ هه تا کوڕه بۆی ده رنه چێ"
به ڵام کاتێ باوکم کوڕه ی هێنایه وه ماڵ ، دایکم ڕای کرد بۆ لای کوڕه و له حاڵێکدا به باوه شی باوکمه وه بوو ، ماچی کرد و وتی : " ڕۆڵه به قوربانی ئه و ده س و مه چه که ی بم ، سه ری پێ ئه شکێنی"...

به کورتی و به کوردی کوڕم ، باوک له جیاتی ئه وه ی له کوڕه ی بدا و دایکیش ده ستی بچزێنێ و بیخاته نێو تاوه ڕۆنه که وه ، دایکه چوو و دوو هێلکه ی هێنا و شکاندیه نێو تاوه که، مووچێ14 نانی هێنا ، هه نجیره ویشکه ی هێنا ، ئه نجا دایکم و باوکم سفره یان بۆ کوڕه ڕاخست و هێلکه و ڕۆنه که یان ،نایه به ر ده م. من و کوڕه هه ر دووکمان سه رمان سوڕ ما بوو، من ده ستم کرد به گریان : " هم...هم سه ری منی شکاندووه و هێلکه و ڕۆنی پێ ده ده ن ، منیش هێلکه و ڕۆنم ده وێ ، هه نجیرم گه ره که "
باوکم له باوه شی کردم و وتی : " چاو کوڕم ! ئه و مناڵه دوژمنت نییه ، ئێوه پێکه وه دۆس و هه ڤاڵن، ئه ویش مناڵی کابرایێکی کرێکاری داماو و پێخواسی وه ک منه. له نێو یاری و گه مه دا ئه م جۆره شتانه پڕ ده قه ومێ ، ئێمه نه زرێکمان له سه ر بوو، نه زرمان کرد بوو گه ر خوا کوڕێکی داینێ و کوڕه ش گه وره بوو و له گه ڵ مناڵان به شه ڕ هات ، یه که م مناڵێ لێی بدا و سه ری بشکێنێ، هێلکه و ڕۆنێکی بۆ ساز که ین. ئێستێ شوکر بۆ خوا ئه تۆ گه وره بووی و به سێره و ته مه نێ گه یشتووی ، ده توانی له گه ڵ مناڵان به شه ڕ بێی. "
ده ی !... ئێستێ کوڕم ئه تۆیش به سێره و ته مه نێ گه یشتووی، له گه ڵ مناڵان به شه ر دێی و من ئێسته جوان له قسه کانی ئه و ڕۆژه ی باوکم ده گه م و ئه تۆ نازانی ئه مه بۆ

دایک و باوک چه نده شیرینه، کورِم ئه تۆیش ڕۆژێ بۆ خۆت ئه بی به خاوه ن منالْ، ده بی به باوک، ڕه نگه ئه و ده م جوانتر له قسه کانم بگه ی . کورِم !... ئه لی ڕه زا ڕه فیقته، ئه ویش وه ک تۆ منالّه کریکاریکه، ئێمه ده بێ پێکه وه دۆس و هه ڤالْ بین، نه ک له سه ر شتی هیچ و پووچ و بێ بایه خ ، بیکه ین به شه ڕ و قینمان له یه ک بکه وێ . ئێسته گه ر پێکه وه بچین بۆ لای سمایل و من پرسیاری لێ بکه م : " سمایل ئه تۆ حه یده ری ئێمه ت فره خۆش گه ره که یان ئه لی ڕه زای کوڕت" دڵنیا به ئه لێ : " هه ر دووکیانم به یه ک ئه ندازه خۆش گه ره که" ده ی بۆیه ! منیش ئه لی ڕه زام ئه وه نده ی تۆ خۆش ده وێ"
من وتم : " به لّام باوه ... ئه و کوتای به نێو چاومدا"
باوکم وتی : " ده یجا چییه کورِم ... ئه وه ند سه ختی مه گره ... له بیرت ئه چێ " چوونکه ڕه فیقته .
ئایشێ وتی : " برایم!... ئه وه سمایل و خێزانی به ره و ئێره دێن "
برایم که کورِه ی له باوه شدا بوو ، ئاورێکی دایه وه و چوو له ده لاقه که وه سه رێکی کێشایه ده ر ، له دووره وه دیتی که چلۆن ئه لی ڕه زا له حالێکدا ته ریق ئه بێته وه ده ستی باوکی گرتووه و به ره و ئێره دێ و سمایلیش پێده که نێ .

وه رگێڕ بۆ فارسی : دوکتۆر ئیره ج نه وبه خت

1: تووره که یێکی پڕ له ئاوه منداڵیشی تێدایه له نێو زگی ئافره ت و هه موو گیانله به رێکدا که دڕا و ئاوه که ی لێ هاته ده ر ، نیشانه ی په یا بوونی منالّه.
2: ماما، مامان
3: ماسین، باکردن، هه لّماسین
4: شین، که بوود،
5: زرانی، ئه ژنۆ، ڕان
6: ئێسقان
7: ئازای ئه ندام، هه موو له ش
8: ته خت، چرپا،چوار پایه

9: به ر بوونی خوێن به خوڕ

10: جۆره ده رمان و ماده یێک وه ک ئه ڵکوڵ جاران بۆ سارێژکردنی ژان ده کاریان دێنا

11: زات، جورئه ت ، ئازایێتی

12: جۆره چرایێک بوو جاران له کورده واریدا بۆ زۆر کاران که ڵکیان لێ وه ر ده گرت

13 : ئارگه، ئارگا، جێ ئاور، ئاگردان

14: جاران وه بزانم به نێزیکه ی ده نانان ده یانگوت مووچێیک نان

renascaf@yahoo.com